# پەنجەرەکان...
# لە ناوەوە...

**بڵاوکردنەوەی**

**kurdacademia**
**London 2005**

==============
هەموو مافێك پارێزراوە. جگە لە خوێندنی قوتابخانەکان،
هەموو جۆرە وەرگێڕان
یان لێوەرگرتن و بەکارهێنانێکی دیکەی ئەم تێکستانە،
بەبێ رەزامەندی پێشوەختی
نووسەر لێپرسینەوەی یاسایی بەدواوەیە
==========

پەنجە رەکان...لە ناوەوە... (کۆمەڵە شیعر)
**کەمال میراودەلی**
تایپ، دیزانی و بەرگ: **سەرکەوت مەحمود**
چاپی یەکەم **٢٠٠٥** لەندەن

# پەنجەرەکان...
# لە ناوەوە...

کەمال میراودەلی

لەندەن ٢٠٠٥

# ئا ئا - ئۆ ئۆ

ئا ئا ئە ئە ئا ئو ئو ئێ

ئوو ئوو ئێ ، ئوو ئوو ئێ

ئوو ئوو ئێ ئوو ئوو ئۆ

ئوو ئوو ئۆ

ئوو ئوو ئۆ

ئای ئای

ئوو ئوو ئۆ

ئەی ئەی

ئوو ئوو ئۆ

ئیی ئیی

ئوو ئوو ئۆ

ئۆ ئۆ

ئوو ئوو ئۆ

ئوو ئوو ئیی

ئوو ئوو ئۆ

ئوو ئوو ئا

ئوو ئوو ئۆ

ئوو ئوو ئێ

ئوو ئوو ئۆ

ئوو ئوو ئه

ئوو ئوو ئۆ

# ئایئەیئۆی

ئای ئەی ئۆی

ئۆی ئۆی ئۆی

ئای ئای ئای

ئۆی ئۆی ئۆی

ئەی ئەی ئەی

ئۆی ئۆی ئۆی

ئایئەیئۆی

# ئەڵف و بێ

سوێند بێ بە ئەلف و بێ
بەوەی کە نییەو دەبێ
سوێند بە برایمۆکەی کورد
بە یەکەم پەیپێبەرێ
کە خوداوەندی ناسی
کە زەردەشت و موسا و مەسیح و محەممەد
لە ئەو فێربوون وشەی راسی
سوێند بێ بە پیرەمەگروون
پیری رازی بوون و گەردوون
ئا لێرەوە دەستی پێکرد وشەی یەکەم
ئا لێرەدا کۆتایی دێ دنیای ستەم

# سوپاس بۆ مۆسیقا

سوپاس بۆ مۆسیقا، بۆ دەنگ
سوپاس بۆ ئاواز و ئاهەنگ
سوپاس بۆ سازی ناو دەروون
قوڵپە قوڵپی کانیاوی ڕوون
سوپاس بۆ چریکەی گەروو
جریوە جریوی بەیانی زوو
سوپاس بۆ خوڕەو قەڵبەزە
سوپاس بۆ هۆرەی سەد تەرزە
سوپاس بۆ لایلایەی بە جۆش
سوپاس بۆ بەستەی دڵی خۆش
سوپاس بۆ بەزمی هەڵپەڕین
سووپاس بۆ شادی و پێکەنین
سوپاس بۆ مۆسیقا، بۆ دەنگ
سوپاس بۆ ئاواز و ئاهەنگ

# دەریای دەنگ

هەموو شتێ وتراوە
هەموو دەنگێ دارێژراوە
-نا، هێشتاکە زۆری ونە
دەنگ دەریایەکی بێ بنە
پڕ ئاوازی سەوز و شینە
پڕ شینی ئاواز نشینە
پڕ پەلکە زێڕینەی بەتاوە
تواوەتەوەو نەگیراوە
پڕ سروەی دوورە پەرێزە
پڕ سروودی راز ئامێزە
پڕ ویزەو گیزەو ناڵەیە
پڕ لە زەنگ و زایەڵەیە
پڕ خورپەو ورتە و تاسەیە
پڕ هەنسك و هەناسەیە
پڕ رازی بوون و نەبوونە
پڕ خۆر و مانگی گەردوونە
نا... هێشتاکە زۆری ونە
دەنگ دەریایەکی بێ بنە!!!

# هەڵمی رۆح

هەڵمی رۆح، سپێتیی سپێدەی بەیان،
وێنەی کانی

تویێی تەمی ماتەم

تویێشوی گۆرانی

نەماوە هەودا

نەماوە سەودا

نەبادا فەردا

بپۆشێ ڕەنگی

پۆی پەشیمانی

هەوارگەی هەور

هەور خۆیەتی

قەترە بە قەترە

وڵاتی بەفر

بەفر خۆیەتی

سفرە بە سفرە

هێشوە ترێیەك

سیحری وجودە

تازەو کۆن بگرە

سەمایە سەرت

کەوایە بەرت

سەرنج ڕاگرە

سەرتا کۆتایە

کۆتا سەرتایە

جوغزێکی سەیرە

خولگەی خەیاڵە

بەڵگەی بەتاڵە

کامیان نەمرە؟

# سەرو سەودا

لە چ سەودایەکەوە سەرت هەڵداوە
چەند سەری، داوە، سەری ئەم داوە؟
یەك هەنگاوی پێش - چەندی بۆ دواوە؟
چەندی بڕاوە، چەندی دراوە
چەندی چێنراوە، چەندی چزاوە
لە یەك تنۆکا حەشار دراوە
یان هەموو گەردوون تنۆکی ئاوە
نوتفەیی نوتقە، نوقتەی شکاوە
یان بازنەی بۆشە لە هەموو لاوە
یان گێژەنێکە پڕی لە واوە
یان واو هەر بەواو گرێ دراوە
کێ بە کوڵ خەنی، کێ مەست دەگریا
فرمێسك وخەندە، چۆن لێك بوون جیا؟

# پرسەی مەرگانە!

زۆرم لێ مەکە، زۆرم پێ نییە

ئەوەی کە هەیە، ئەوەیە نییە

ئەوەی کە نییە، ئەوەیە هەیە

پرسەکە دوێنێ و ئەمڕۆو سبەیە

ڕێژە ڕەهایە، ڕەها ڕێژییە

نەمریی هەرگیز بە نسیب نییە

لێکدانەوەی هۆش، هۆشی ژین نییە

مرۆ تاقە بووی سەر زەمین نییە

زەمین تاقە بووی ناو گەردوون نییە

گەردانەی گەردوون هەموو بوون نییە

نە پەیژە هەیە، نە نووح، نە حەووا

ئاوە، ئاگرە، خۆڵە یان هەوا

یەك لە بلێونە زانگەی سەردەمیی

خۆی بۆ خۆی لوغزە، کوڕی (ئادەمیی)

بژی بۆ ژیان، بژی وەکو هەی

بۆ ئاخ داخ مەخۆ، شادبە بە ئۆخەی!

ئەم ئامۆژگارییەش هەر گەمژانەیە

ژان خۆی ئاوێنەی ئەم ژیانەیە

یەکێتی دژە هەوێنی هەبوون

تەم، ڕەنگ، حاڵ، دیاردەو ئەفسورن

هۆشیاریی نابێ بێ شیاویی دژان

نهێنی دژە، دژواریی ژیان!

## سکالا

**کوندە پەپووی وێرانە**

**بڕۆم مەکە بە هێلانە**

**چاوم مەکە بە درەخت**

**سەرم مەکە بە پێتەخت**

**بڕۆ لە من بتەکێوە**

**بۆ خاکی خۆت بگەڕێوە**

## ڕێبەر

**مشکێك پڵیتەی چراکەمانی قووت دا**
**باڵی لێ ڕووا**
**هاوار، هاوار، ئێستا هەموو ڕووناکی ئێمە**
**لە ناو چاوی شەمشەمە کوێرەدایە!!**

# تەمەن و تەلیسم

دوای ئەوەی کە فرمێسکی رشتم
خوێنی ڕشتم، هاناسەی ڕشتم
تەمەنم تێیتەقاندو
~~جێیهێشتم~~
لە چەقەڕێی سیرات
لە تونێڵی ترس
دەست پڕ لە گڕۆڵەی پرس
چاو پڕ لە ئاسۆی ئاوس
نە دەکارم شەقاوێ بگێڕمەوە بۆ دواوە
نەدەتوانم هەنگاوێك نزیك ببمەوە لە خواوە!

# روخسار و بەهار

روخسارم گرتی رەنگی بەهارێ
پایز نەیتوانی هەڵی وەرێنێ
دڵم خۆشییەك باوەشی پیاكرد
هیچ ناكامییەك داینامركێنێ
ورەیەك ئێستا هاوڕەگی رۆحمە
شالآوی قەدەر قەت نایرەتێنێ
تا خۆشم بوێی، تا خۆشمت بوێ
ژیان ئەمڕۆیە، مردن دوێنێ

# مانگ و مێژوو

ئەی ئەو مانگەی لە چاوی ئەوەوە هەڵدێ
هێندەی بازنەی رووی خۆت ئەم شەوەم بۆ شەقار کە
هێندەی قاشی بازنە، سپێتیی لەش ببینم
سەرسنگی، مەمکی، لاڕانی، سمتی، قۆڵی، هەنیەی،
تێکەڵ بە مەی،
بە فانتازیای رۆح
هێزم بێتەوە بەر بۆ رێبوارییی سەحراکان
جێناڵی ئەسپەکان
لەسەر ناوچەوانم دەبینم
قاڵدرمەیەك تا دۆزەخ شۆڕ دەبێتەوە
پەیژەیەك تا بەهەشت بڵند دەبێتەوە
لەسەر پردی ئەوینی ئەودا

بە موو بەستراومەوە

مەبادا بێباکم

بێباکم

لە هەرکام

لە هەر ئاکام

بە ئەندێشە دەنووسم، دەڕوانمەوە مەودای یەزدان

لەسەر لەشی سپی، بەقەدەر خەرمانەی مانگ،

چاوەڕوانم بارانێك هەڵقوڵێ

کانییەك، گەڕەکە باخێك،

بە چرپەکانی ئاوم بدات، بە بەرامەکەی بملاوێنێتەوە.

دەمێکە بەهارەکانم بێ نێرگزن

پایزەکانم بێ بەرین لە خوێنی ترێ

گوڵە گەنمەکان قەرەخەرمانن

با تەنیا بۆ ئەوە هەڵدەکات

پەنجەکانم هەڵوەرێنێ

نەگەیشتمە سەر لوتکەی چیا، لێوم بە ئاسۆوە نەنا،

بەسەر لێژایی مێژوودا بەربوومەوە

حیلەی ئەسپی سەلاحەددین نەیگرتمەوە

شمشێری ڕۆستەم پردێکی نەخستە سەر ڕێم

چەکوشی کاوە تەختێکی بۆ نەسازاندم

نزای ئیبراهیم دۆزەخەکەی بۆ سارد نەکردمەوە

سەبری ئەییوب شەوی یەڵدای پێ نەگوزەراندم

کەشتی نووح خنکاندنەکەمی نەپەڕاندەوە

بە قەدەر نیگای مانگ

لەش، لەشی سپی،

دەکەم بە کەشتیم و گەشتی دەریایی دەکەم

لە دەرێ بۆن دێ

بۆنی بیانیان دێ

بۆنی جاسووس و نیشتمان فرۆشان دێ

بۆنی عەشقی ڕزیو دێ

بایەك هەڵدەکا

هەموو گڕەو سووتەنی ژەنگ ژەنینە

سەری گوڵەگەنمەکان دەبینم لاردەبنەوە، لاردەبنەوە

تا دەکەونە بەر پێ

مێژوو وەك ڕەوە گورگێك
لە لەشی مانگ دەهاڵێ
لووره لووری نەوسن
شەو دەکاتە شمشاڵی گۆشتخۆرەکان
سپێدە لەشی تەزیوی ئافرەتێکی ڕەیپ کراوە
تەنیا پۆلیسەکان لێی نزیك دەبنەوە
بە سواری ئەسپە تەختینەکەیان
داوای پەنجە مۆر لە ژنەکە دەکەن
داوا دەکەن تەمسیلی شمشێرەکان بکاتەوە!
مێژوو نەعرەتەی دێ
ڕەوە گورگەکان بۆنی خوێن دەناسنەوە
شوێن پێی سیخوڕەکان هەڵدەگرن!
ئاە، دڵم تۆقی
ئەی ئەو مانگەی لە چاوی ئەوەوە هەڵدێ
بە قەدەر بازنەیەکی ڕووی خۆت
ئەم شەوەم بۆ شەقار کە!

# لاله!

لاله! بمبەوە بۆ ناو باوەشت
ماندووی کردووم مەراقی مەرگ و
مەزەندەی زەمەن
ماندووی کردووم گەشتی شارەکانی غوربەت و
شەقامە داخراوەکانی تەمەن
لاله! بمبەوە بۆ ناو باوەشت
ماندووم وەك كۆرپەی هەموو شەو گریاو
بۆنچڕوکەکەی تەژی کرد ڕۆحم،
خەرمانی سووتاو
شەوانە ئەشکم دەستەو یەخەیە
لەگەڵ مەشقی مەرگ
ڕۆژانە بەختم سەراسیمەیە
وێڵی سیا بەرگ
ئەنجامی تەرح و کۆی حیسابەکەم
ناوکی بازنەیە
خاڵی یەکەمم، خاڵەکەی تۆ بوو،
خاڵی تۆم هەبێ
گشت دنیام هەیە!

# چەپکێ گیابەند

چەپکێ گیابەند، شەپۆلێ پرچ
رازیم بە مەرگی خۆم، ئەی کچ
بۆنی گیابەند، گیانبەند، نەمر
زیندەگیم بۆ چییە ئاخر؟
شتمی شەپۆلی سیحراویی
ئاوا نابێ قەت هەتاوی
پەنجەکەت کەوتە بەر پەنجەم
تا ئەبەد بەندی ئەو بەنجەم
چەپکێ گیابەند- شەپۆلێ پرچ
رازیم بە مەرگی خۆم ئەی کچ!

# عیشقی دڵ

له خەونمدا مردم
کفنیان کردە بەرم
گۆڕەوشاریان کردم
بەڵام من هەر پڕ بەدەم
هاوارم دەکرد: هەم
پێیان وتم: چییە بەڵگەت
هەتاکو پێت بدەین مۆڵەت
وتم هێشتا ناوێکم لەسەر زارە
وڵاتی خەبات و ئازارە
دڵم بە ئەو قەرزدارە
گیانم بۆ ئەو بێ قەرارە
ئەوێ بەهەشتی یەزدانە
عیشقی دڵمە: کوردستانە

## خەونی تاڵ

ئەم خەونە هێلکەیەك بوو
هیچ باڵندەیەك لەسەری نەکەوت
بە ڕێکەوت
بۆرە ماریێ هەڵی لووشی
پێی قوت نەدرا
لە ناو جینگڵی خۆیدا تفیەوە
ئەم خەونە لە زاری مار هاتۆتە دەر

# دەڕۆم بێ ڕێ

دەڕۆم بێ ڕێ
دەڕۆم بێ نەخشە، بێ جێ
روو دەکەمە هەرلا، هەر کوێ
ئەوە خوایە شانسم هەبێ
تۆ بی لەوێ
لە هەر کوێ
تۆ بی لەوێ
وێڵتر لە من
بگەڕێی بۆ بەختێکی ون
ونتر لە من
بگەڕێی بۆ دڵێکی کون
دەڕۆم بێ ڕێ
دەڕۆم بێ نەخشە بێ ئاقار
روو دەکەمە هەر دێ، هەر شار
ئەوە خوایە بەختم هەبێ
ئەم ساڵ، ئەو ساڵ، بگەم بە پار!
ئەوە خوایە بەختم هەبێ

زەمەن هیچ زەمینی نەبێ
تۆ بی لەوێ!
هەموو دنیا بێتە ئەوێ!

# ئەمشۆ شەوی ئێمەیە

ئەمشۆ شەوی ئێمەیە
شەوی خەون و خەندەیە
ئەمشۆ شەوی مۆسیقایە
شەوی
تریقە و قاقایە
ئەمشۆ شەوی سەماو دانسە
ئەمشۆ شەوی بەخت و شانسە
شەوی تیلە نیگای حەزە
شەوی دەسبازیی مامزە
ئەمشۆ
ئەمشۆ
ئەمشۆ
شەوی ئێمەیە
شەوی خۆشی و خەندەیە

## بباره

رووبارێ دەسبەتاڵ دەرچووم

دەڕوانمە ئاسمانی تۆ،

نوێژی بیست و چوار سەعاتبم.

دەپاڕێمەوە وەك هەور:

بباره، بباره

بباره بەسەر تەنیاییما

بمکە بە لافاوو بمبە

هەڵمرێژە بەسەر هەڵدێری مێژوودا

دامرێژە

بەسەر داستانی ونبوودا!

# بەرداش

**کات لەوێ درێژو خڕە**

**کیسەڵە، ئەڵقەی پەنجەیە**

**کات لێرە تیژە، بەراوەژووە، گوارەی گوێیە، سوکانی قەمەرەیە**

**کات لەوێ خنکاوە، دەخنکێنێ**

**کات لێرە بڕندەیە، دەبڕێنێ**

**کات لەوێ خەندەی برینە، خەنەی شینە، گڕەی هاوینە**

**کات لێرە خەندەی بێزارییە، خەوی بێدارییە**

**چوار وەرزە پاییزی ژینە**

**بێزارم لە زەنگی بێزاریی، لە قوڕمیشی سەعاتی کار،**

**لەسەمای سەری بێ سەودا، لە خۆم، لە خەم، لە خولیا، لە خودا**

**بێزارم لە نیگای بێ سۆز، لە خەندەی بێ لێو،**

**لە وشەی بێ دەنگ، لە شاشەی تەلوێنە، لە پەڕی بێ ژمارەی**

ڕۆژنامەکان، لە چەنەو چەقەی بێ وەستانی سیاسەتچییەکان، لە وەڕەی ڕۆژنامە نووسان، لە سەرگوزشتەی کوشت و بڕ و تاوان، لە مەتەڵی سێکس و سوڕو سەوداو سامان، لە چاوی ئەبڵەقی تەماع، لە ئەدڤێرتی نەوس و لەشی رووتی سەر شاشەکان، لە ران و روومەتی مۆدێلە مارکێتکراوەکان، لە جاددە جەنجاڵەکان، لە ئێکزۆزی ژەهراوی و ڤڕە و گڕەی ماشێنەکان، لە ژێرزەمینە پڕپڕ لە توریستە تارماییەکان، لە پۆست و پۆستەچی و بیلی مەسرەفە نەکراوەکان، لە ژماردنی بە پەلەی ڕۆژو سەعات و چرکەو چۆراوگەی ساڵەکان،
بێزارم- بێزارم- لە قەڵەمەکەم لە کیتاب و حیسابی حەشر، لە کۆکردنەوەی جەمسەرەکان و دروونەوەی دەمارەکان،
بێزارم لە کاتی ئێرە
بەڵام لە هەموو ئەمانە زیاتر
بێزارم لەکاتی ئەوێ
لەو کاتژمێرەی
دەستەکانی تفەنگن و تەنیا بە خوێن دەگەڕێ!!

# دەتخۆمەوە بە چاوانم

دەتخۆمەوە بە چاوانم
بۆیە هەموو دەمێ مەستم
شەیدای دیداری جارانم
دڵخوازم کۆنە پەرستم
دەرۆی هەڵتدەگرێ گیانم
دێی هەوارتە دنیای هەستم
کە تۆ خەیاڵی خامەم بی
نازانم بۆ خاوە دەستم
بە تەمای تۆ، تەمەن پڕە
لە شادییەك مەرەخەستم
دە وەرە دەنگێك هەڵبڕە
ساماڵ کە سەری شکەستم
ئامان کچی خەونەکانم
ئاوەدانیی دنیای نەستم
بێ تۆ تەنیا بەبەی ژانم
چۆڵ و هۆڵە دڵی پەستم

## هەڵەبجە

ئەمشۆ گشت ئاسمانی دنیا
بۆ یەك قەترە باران گەڕام
ئەمشۆ قولآیی چاوی خوا
بۆ یەك تنۆك گریان گەڕام
ئەمشۆ هەموو ڕەشەبای مەرگ
بۆ سروەیەكی ژیان گەڕام
ئەمشۆ گشت فەرهەنگی دنیا
بۆ پێناسەی تاوان گەڕام
ئەنفال ئەنفال
ئەنفال ئەنفال
ئەمشۆ بۆ چاوی شارەكەم
چاوی كوێری جیهان گەڕام

# کە دەتبینم

کە دەتبینم لە نیگاتا تەمایەکی لە مێژینە دەمدوێنێ
شەپۆلی حەز دەریای ئازاری قووڵی دڵ، دەهەژێنێ
کە دەتبینم لە هەنگاوتا
جیهان هەمووی دەلەرزێت و
قەڵای ستەم هەرەس دێنێ
خۆرێکی نوێ لەسەر کەلی لێوەکانی تۆوە هەڵدێ
زەردەخەنە چیایەکانیش ڕادەژێنێ
کە دەتبینم لە ناو بیرما کەس نامێنێ
خەیاڵی تۆ بوونی خۆشم لێ دەستێنێ!

# کە ناتبینم

که ناتبینم

دنیا وەکو پیاڵەیەك خەم

لە بەردەمی تینۆێتیما خۆی دەنوێنێ

هەموو ئاسمان دەبێ بە یەك پەڵە هەورو

تەرزەی ناسۆر بەسەر سەرما دەبارێنێ

هەموو گیانم دەبێتە هەستی بێزاری و

قسەی مناڵێکی ساواش دەمتۆرێنێ

که ناتبینم

جیهان هەرچی جوانی هەیە

پێی نامێنێ!

# پێم بڵێ؟

پێم بڵێ کەی دەڵێی
ها ئەوەتا
کەی کۆتایی دەگاتە
خاڵی سەرەتا
کەی سەرەتا مارەی کۆتایی دەبڕێ
کەی دڵ بە دڵ دەبڕێ؟

# نۆستالژیا

سەرمان دایەوە لە وڵاتی خەم
تا گەیشتینە سەر رۆخی عەدەم
قەتار دوای قەتار هەوری ئەسرینیی
هاتنە پێشوازی، هاتنە دیدەنی
تاوێ دانیشتین لە هەوارگەی پاییز
هەتا دەرکەوت خۆرەکەی ئازیز
پێی وتم: کوانێ شەرتی هەوەڵ دەست
کوانێ بەرخی دڵ بۆ قۆچی مەبەست؟
کردمەوە بوخچەی نەکراوەی هەتاو
شەپۆل - بروسکە ، لافاوی زووخاو
دایخست بە حەسرەت دووچاوی مەستی
تنۆك دوای تنۆك هەڵرژا هەستی
بارانی رەحمەت ، تەڕ بوو هەناوم
لە نوێ ژیایەوە ژیانی نەژیاوم
روانیم بە دیقەت لە هەنیەی مردن
هیچ ترسم نەما، سا هانێ گەردن!

# ماندوویی

دڵەکەم گەلێ ماندووم نازانم بۆ
ئەم نەزانینە زیاتر ماندووم دەکا
دەڵێی درێژ بوونەوەی تەمەنێکی پێشووترم
هەنگاوەکانی کۆم بوون
نیگاکانی کول
دڵگوشراو، وەك ئایسلاندییەك
لە دوارۆژی هاوین و هەوەڵڕۆژی پایزدا،
شەو لایلایەی تەنیایی نایەڵێ بخەوم
باوەشی جودایی نایەڵێ ئارام بگرم
ڕۆژ جۆلانەی غەریبی نایەڵێ پێ بگرم
دڵەکەم
تۆش دەتوانی زەبری خۆت بوەشێنی و بزر بی
ئاسنی سارد باکی بە چەکوشێکی دیکەش نییە
من لەم گۆمی غوربەتەدا دەمەێیم
بەستەڵەکێکی بێ ناونیشان
لە چاوەڕوانی هەتاوێکدا دەمێکە

لەگەڵ قەتارە هەورێکدا سەری هەڵگرتووەو گووم بووە
مەگەر بۆتە پڕشنگە بارانێك و
لە وڵاتی داگیرکەرانا باریوە
یان بۆتە تەمتومان و
لە ئۆقیانووسە دوورەکاندا تواوەتەوە
ئێستا تەنێ دەزووی خەونم،
وەك دەزوولەی خوێن،
من و تۆو خاك پێکەوە دەبەستێتەوە
ڕەنگە لە خەونە ڕێیەکدا، خەونە خانەیەکدا،
خەونە خەرابەیەکدا، پێك بگەینەوە
تکایە سڵاوم بستێنەوە
تکایە بە ساردی لێم مەروانە
سڕەبا دەشێ چیتر بە سەهۆڵ بەندان کا
ڕەنگە بە هەڵاتنی نیگاکانت
وەك ئایسلاندییەك کە لە خۆشی هاتنەوەی بەهار
دڵە گوشراوەکەی دەتەقێ،
منیش لەگەڵ خۆرا
دڵە سەهۆڵییەکەم
بتوێتەوە

# نەستەقیات (یوفۆریزم)

**پێویستە سنوری ئازادی قسە تەنیا قسە بێ نەك قامچی**

XXX

**هیچ کەسێك خۆی لە خۆیدا پیرۆز نییە**

XXX

**لە شیکردنەوەی دواییدا ئازاری خۆت تەنیا هی خۆتە**

XXX

**لە شیکردنەوەی دواییدا ، تەنیا مێشکی خۆت دەگێی!**

XXX

**چ خوایەیەکە بەترس و ئازاردان خۆی بناسێنێ؟**
**خوای ئاوێستاکەی من نییە**

XXX

**لە شیکردنەوەی یەکەمدا هەمومان وەك و یەك دەست پێدەکەین**
**لە شیکردنەوەی دواییدا، وەکو یەك پێك دەگەینەوە**

XXX

مەرەکەب دەڕژێ تا خۆی بنووسێ

XXX

گرنگ نییە کێ چی دەکا، گرنگ ئەوەیە چی ئەنجام دەدرێ.

XXX

سیاسەتی رۆشنبیریی حیزبمان ئەمەیە: نووسەرەکان دەکڕین، دەیانترێنین، دەیانخەینە ناو تەویلەکەمانەوە.

XXX

لە وڵاتێکدا حەفتەی حەوت کچ خۆی بسووتێنێ
چەند بێشەرمن ئەوانەی بەخۆیان دەڵێن سەرۆك!

# ڕاوچی

ڕاوچین

ڕاوچین

ڕاوچی دڵن

ڕاوچی گوڵن

ڕاوچی خەونن

ڕاوچی شادیین

ڕاوچی ئاوات و ئازادیین

ڕاوچی گەلن

ڕاوچی تاکن

ڕاوچی بیری پاك و چاکن

ڕاوچین ڕاوچین

ڕاوچی پڕشنگی ڕووناکین

# هەناسە

هەناسەیەکم بدەیە
دەیکەم بە قەسیدە
بۆ قافیەکەی دەگەرێم
هەتا سپێدە
فرمێسکێکتم بدەیە
دەیکەم بە کانی
بۆ چاوگەکەی دەگەرێم
هەتا بەیانی
خەندەیەکم بدەیە
دەیکەم بە رووبار
لە ئاهەنگێك دەگەڕێم
بۆ چلەی بەهار

# ئاخنەباو ئاخلێقە

**ئاخنەبا[١] ! دابارێنە دوابەستەڵەکت**
**من بۆنی ئاخلێقە[٢] دەکەم**
**ئارێ، ئەوە ئادان[٣] کۆشی پڕبوو**
**لە ئاتیی[٤] ئادارۆك[٥]**
**بەسەرچوو وەختی ئارختك[٦] و ئاشۆپاشۆی[٧] شەوانت**
**ئاسکۆڵەی دڵم ئامادەی سەمایە لە چنارۆك[٨]**

١دواهەفتەی چلەی زستان

٢ئاخلێقە :سەرەتای بەهارو سەردەرهێنانی گیا

٣ئادان: زەوی بەپیت و بەرەکەت

٤ئاتی: ئاڵتوون

٥ئادرۆک: گولێکە لە مانگی ئاداردا دەڕوێ

٦ ئارختک: مۆتەکە

٧ ئاشۆپاپۆ: خەونی پەرێشان و ئاڵۆز

٨چنارۆک سەیرانگایەکە نزیک کۆیە

# لێکدانەوە

نۆبەرەی عیشقت و نۆبەداری بەر دەری تۆ بووم
چ هەق، لە دنیای دڵڕەقا دەربەدەری تۆ بووم!

×××

کاڵ بووم یەکەمجار تامی میوەی عیشقی تۆم چێشت
بوومە ئێشکچی شەوو ڕۆژانی بەردەرگات
چاودێری بێ ئاشووی هەموو هاموشۆیەکت بووم
ئیدی چ ڕەوا بوو دڵەکەم،
تۆ بووی ئاوارەی ئەم دنیا دڵڕەقەت کردم
لەم دەرگاوە بۆ ئەو دەرگا
لەم خانەوە بۆ ئەو خانە
لەم شارەوە بۆ ئەوشار
لەم وڵاتەوە بۆ ئەو وڵاتە
لەم کیشوەرەوە بۆ ئەو کیشوەر
غەریب، بێ لانە، دەربەدەر بووم
چ هەق، دڵەکەم!
خۆ من نۆبەرەی عیشقی تۆو
نۆبەداری بەر دەری تۆ بووم!

# سەروبەر

**نابەڵەد بووی، ڕێنوێنت بووم**

**ناچاخ١ بووی، خەمڕەوێنت بووم**

**ناخویا٢بووی، نەینکت٣ بووم**

**تەنیا بووی، تاقە دنکت٤بووم**

**ماڵ کاماخ٥ بووی، نۆبەختت٧ بووم**

**مانفێر بووی٦، تاراو تەختت بووم**

**ناوەجاغ٨بووی، نازکێشت بووم**

**نەساغ٩ بووی، دەرمانی ئێشت بووم**

**قاچاغ١٠ بووی، نیشتمانت بووم**

**یاساغ بووی، نامەی ژیانت بووم**

١ بێ کەیف بێ تاقەت
٢ نادیار، ون
٣ ئاوێنە
٤ یار، دەزگیران
٥ چارەڕش و بیمار
٦ رووت و نەدار
٧ خوازبێنی کەر، بەختی نوێ
٨ لە خێزانێکی ناسراو رەسەن نەبێ
٩ نەخۆش، خەستە
١٠مانەوەی نایاسایی
١١ قەدەغە، لە یاسابەدەر

# عەشقم، داماوە پێنووسم!

هەرچی دەوترێ وتراوە
چۆن دایرێژم بەرەنگی نوێ
بەدەنگی تایبەتی من بێ
سۆزی دڵ بێ، بۆ تۆ بدوێ
عەشقم داماوە پێنووسم
لە ئاست هەستی ئۆقیانووسم
چ شەپۆلێ شێوەی بداتێ
لەناخی دەرچێ هەر ساتێ
عەشقم کورتە مەودای شیعرم
نازانم یەخەی کێ بگرم
هەورێ بمداتێ بارانێ
خوایە بمداتێ ئاسمانێ

# پێناسە

ڕەشکوژ

کۆکۆژ

خۆکوژ

ئەمەیە تیرۆریست

# خەونێکی غەریبم، غەریبێکم خەون دەبینم

خوشەویستی هەر غوربەت بوو

سەرتا بوو: شەیدای خۆڵ بووم

بۆ خۆڵ نەبووم

درەخت نەبووم

رەگ لەناو هەناوی خۆڵابم

رووبار نەبووم

بەناو خاکا راگوزەربم

کانی نەبووم

لەناو زەویدا هەڵقوڵێم

تیکەبەردێکی شاخ نەبووم

تا سەرکەش و خۆڕاگر بم

کێ بوو توانیی بمڕەتێنێ

کێ بوو توانی وڵاتەکەم پێ جێ بێڵێ
کێ بوو توانی لەت لەتم کا
ناونیشانی مەرگم باتێ
ئاورەییم بکاتە کۆڵ

٢

خەونەبینم
خەو ئەمبینێ
هەڵم دەگرێ
دەمباتەوە بۆ ناو خۆڵەپەتێی عومرم
دەمگرێنێ
دەمکا بەگەرد
دەمکا بە بەرد
دەمکا بە گەڵای خەزانێ
بە دڵۆپەیە ئاوی روبار
بەقولپێکی ئاوی کانی
دەمکا بە مۆرێکی سووری
سنگی سەرکەشی چیایەك
بە گۆرانی
بە فیشەکی پێشمەرگەیەك

به قەڵەمی قوتابییەك

به خاكەنازی جووتیارێك

به گوڵی سەرمەمكی یارێك

خەونەبینم

هەموو شەوێك خەونەبینم

خەونی گەورە

خەونی بچووك

خەونی سەوز و سوور و سپی

خەونی رووناك و پڕشنگدار

خەونی تەماوی و بریندار

خەونی برسی

خۆشەویستی هەر غوربەت بوو

ئەوین هەر خەونی برسی بوو

سەرەتا بوو شەیدای خۆڵ بووم

بۆ خۆڵ نەبووم...

٣

شارستانیەت پڕ شەپۆلی رق و قینە

پربازاڕی چەك و خوێنە

پڕ لە كەشتی پرۆژەی مەرگە

ماسی گەورە

ماسی گچکە هەڵدەلووشێ

تۆڕی گەورە

تۆڕی گچکە هەڵدەلووشێ

ڕۆژئاوا پڕ لە وشەیە

پڕ لە ملیۆنان وشەیە

پڕ لە دەنگ و قاوە قاوە

پڕ لە بەزم و چاو و ڕاوە

پڕ لە تاوان و تریاکە

پڕ لە ئاهەنگی درۆیە

وشەی هەموو ڕۆژنامەکان هەر درۆیە

وتەی هەموو (براگەورەکان) هەر درۆیە

کوانێ ئاوەز

کوانێ هیوا

بۆ خۆڵ نەبووم

کێ بوو توانی بمرەتێنێ

چۆن بتوانم بینین لە چاوما دەربێنم

بیستن لە گوێما هەڵکۆڵم

چۆن بتوانم هەموو ڕۆژێ

هەموو ساتێك
لە ڕووباری سەد درۆ بدەم و تەڕ نەبم
لە ناو غازی درۆکاندا هەناسە بەم
لە کوێ بوارێ بەدەست بێنم لە لافاوی
رۆژنامە و ئەدڤێرتەکان خۆدەرباز بکەم
گوێم فێر نەبێ بۆ پێکەنینی قوتوو سەما بکا
لە کوێ کەسێ بەدەست بێنم گوێم لێبگرێ
لە کوێ کەسێ بەدەست بێنم ناوم بزانێ
بچم بۆ کوێ هاوار بکەم:
ئەی گەورە پارێزەرانی مافی مرۆڤ -
منیش مرۆڤم
ئەی رۆژنامە شەیداکانی هەواڵی خوێن-
منیش خوێنم
ئەی دەهوڵ و زوڕناکانی دیموکراسی -
منیش دەنگم
هەزار زەماوەندی درۆ
هەواڵی خوێن ناسڕێتەوە
هەزار رەنگ و بریقەو ڕوکەش
سووریتیی خوێن ناسڕێتەوە

بازرگانەکانی دۆلار برینەکانم دەناسن

چۆن نامناسن؟!

تەنیا یەك جار ناوم بێنن

ئەوسا زمانتان

تامی خوێنەکەی من دەکا

تەنیا سەد جار ناوم بێنن

خوێنی خەستم

گەروو- و ناو زارتان پڕ دەکا

لەگەڵ شەرابا دەمنۆشن

لەگەڵ نەوتا دەمسووتێنن

لە دەفتەری بانکەکاندا

دەمکەن بە چەك

لەسوپەرمارکێتەکاندا

دەستی بڕاوو دووچاوی دەرهێنراوم

دەکەن بە (تۆی) مناڵانتان

ئەمن کوردم چۆن نامناسن؟!

٤

هەلۆ، هەلۆ، کەسێ ماوە، کەسێ ماوە

درۆ مێشکی پڕ نەکردبێ؟

هەلۆ، هەلۆ کەسێ ماوە کەسێ ماوە

بەر لەمردن نەمردبێ؟

- بەڵێ ماوین

ئێمە ماوین

وەکۆ دارستانێکی چڕ

گۆرانییەکی سەوزو زیندووین

بەرەو خۆری ژیان هەڵدەچین

زەمین پڕ دەکەین لە ئاهەنگ

جیهان پڕ دەکەین لە هیوا

زەمان پڕ دەکەین لە خەندە

بۆ نەوەکانی ئایندە

یاسای جەنگەڵ دەسڕینەوە

٥

خەونەبینم

عەزیای ئاسن

چوار دەوری دنیای تەنیوە

هەوری ئاڵی کارگ شێوە دەتەقنەوە

گۆرانییەکەم هەڵدەلووشن

سەزی و تەڕیی جیهانەکەم هەڵدەلووشن

خەم و خەون و وغوربەتەکەم لێ دەکوژن

هەلۆ، هەلۆ، کەسێ ماوە،
کەسێ ماوە، نەمردبێ؟!

بەڵێ ماوم، دەنگی دنیایەکی سەوزم
سنوورەکانی تیا دەمرن
هێزی لافاوێکی سەوزم
گشت بانکەکان رادەماڵێ
دواین شوێن پێی سەرمایەو خوێن دەسڕێتەوە،
بەڵێ ماوم
هێزی لافاوێکی سەوزم
هەموو دنیا دەگرێتەوە

لەندەن ١٩٨٤
هەڵوێست ژمارە دوو

## شەمەندەفەری دوائێستگە

ئەم شەمەندەنەفەرە دەڕوا، دەڕوا
تا دوا ئێستگە
ئەو ئێستگەی  من دەخوزام لێی دابەزم
ئای لەو خۆشبەختبیە، لەو خۆشییە
لەو تەواو دڵنیابوونە
بێباکم لە دەورو پشتم
لە وەستان و دەستپێکردنەوەی فارگۆنەکان
لەو هەموو حەشاماتەی دادەبەزن و سەردەکەون
لە قەڵەباڵغی و قرەدەنگیی

له هەڵبەزو دابەزی نێو توونێڵە تاریك و بۆن کۆنەکان
من دەکارم مێشکی خۆم لە هەموو ئەمانە داخەم
له سەر کورسییەکی بەتاڵی دڵنیایی
بۆ سەفەرێکی درێژی ئاکام ئاشکرا دانیشم
خۆیشم، پاڵ بدەمەوە
قاچم بە ناو قاچە وەستاوەکانا درێژکەم
دەتوانم یەك دوو قاوەی سەفەریش
بە شێنەیی نۆش کەم
ئەمە سەفەری منە
سەفەری دڵنیایی منە
چ بێ و چ نەبێ ئەم شەمەندەفەرە
تادوا مەڵبەند دەمبا
دەشێ لە ناوەوە منیش گەشتی زیندە خەوێك بکەم
دەشێ تۆڵەی شەوانی بێخەویم بکەمەوەو قووڵ برازێم
دەشێ لەناو داستانێکدا خۆم بزرکەم
دەشێ لاپەرە پان یان تابلۆییەکانیی رۆژنامەکان هەڵدەمەوە
سەیری لەشی رووتی ئەو کچەی لاپەرە سێی SUN بکەم کە لە بەرپێما کەوتووە
یان دەشێ سەر هەڵبڕم و خۆم بە سەیری سیما جوانەکان و
لەشە ناسکەکانی بەردەمم بخلافێنم

دەشێ بە خوێندنەوەی ئەم وتارە سەخیفە لە INDEPENDENT دا
خۆم توورەکەم کە فاشیزمی ئیسلامی بە بەرگری دادەنێ
هەرچۆنێ بێ دەتوانم کاتەکەم بەسەر بەرم
دەزانم ئەمە سەفەری دڵنیایی منە
ئەمە شەمەندەفەری دواقۆناغە
گەر لە گەرمە خەویشدا بم
گەر لە ناو دۆڵی داڵغەشدا بم
شەمەندەفەرەکە خۆی لە دوا ئێستگە دەوەستێ
دەنگێ هاوار دەکا:
ئەمە دوا ئێستگەی ئەم سەفەرەمانە
هەموو لێرە دابەزن
ALL CHANGE

# خۆشەویستیت وەك لەش ساغی وایە

دڵەکەم خۆشەویستیت وەك لەشساغیی وایە تا هەیە، هەیەو ئا،

هەستی پێ ناکەم

منەتی هەڵناگرم

هەموو سانیەو ساتێ سەرنجی نادەمێ و سوپاسی ناکەم

پێی ناڵێم: ها لەشساغییەکەم ئەمڕۆ چۆنی؟

ئای تەندروستییە زۆر دروستەکەم

خۆشم دەوێی؟

گوێ نادەمە لەشساغییەکەم

لە سەرماو گەرما نایپارێزم

لە شەکەتی و شێواویدا لە باوەشی ناگرم

کە برسی بووم دەبێ تێرم کا

کە تێر بووم دەبێ بمخاتە خەو
کە خەوتم دەبێ خەونی خۆشم بداتێ
ئاوا بێباکم لە لەش ساغییەکەم
وەك شتێ هەیە و دەبێ ببێ
بەشێك لە هەناسەو بوونم
ئیدی بۆ لە خۆمی جیاکەمەوە
وەك منداڵ بە تەنگییەوە بێم

تا ئەو کاتەی لەبەر بێباکییم
یان گەمژەییم یان ساوێلکەیی و
دڵپاکییم
لەش ساغییەکەم نیگەران دەبێ
زویر دەبێ
کزو لالووت دەبێ
بە شێنەیی و بێ ئاگایی
یان بە تورەیی و لە ناکاوی
بە جێم دێڵێ!
یەکەم جار باوەڕ ناکەم
باوەڕ بە نیشانەو ژانەکان ناکەم

لەشساغیەکەم، هێ،
ساغیی لەشمە
لەشی لەشمە
پێستی لەشمە
ڕەنگ و رووـو جوانیی لەشمە،
خورپەی دڵمە، سروەی گیانمە
ئێدی چۆن لێم جیادەبێتەوە!
کە جێم دێڵێ
ئەوسا دەزانم چم لە دەست چووە
ژانە سەر، ژانە دڵ، ژانە رۆح دەمگرێ
هاوار دەکەم دەناڵێنم:
هەر تۆم هەبی بەسمە!
وەرەوە، هەر ئەوجارە وەرەوە
نە کۆشکم دەوێ نە مانگ
نە پاداشتم دەوێ نە ناوبانگ
نە گەمەی دنیا، نە گۆمی تەما
هەر تۆ ببیەوە بە ساغیی جەستەم
دروستیی تەن و هەستم
دڵەکەم! خۆشەویستی تۆش وەك لەشساغیی وایە

که هەی هەستت پێناکەم

چونکە بەشێکی لە هەستم، لە خوێنم، لە دەمارم

ئیدی چ منەت!

بە خەیاڵیش بیری جیابوونەوەت ناکەم

تا دەتورێی

ڕۆحم دەتۆرێ

دنیا تار دەبێ

دەناڵێنم: وەرەوە لەش ساغییەکەم

هەر تۆم هەبی بەسمە

وەرەوە هەر ئەمجارە وەرەوە

نە کۆشکم دەوێ نە مانگ

نە سامانم دەوێ نە ناوبانگ!

## سووڕانەوە

بە قولّنگی ئەوین لەسەر تاشە بەرد
هەلّم کەن وێنەی کچێکی بێگەرد
بێگەرد وەك شنە، تازە وەك شەونم
زۆر بەر لە بوونم، هاتبووە خەونم
خەونی گەیشتن بە پلەی توانەوە
بە ئاوی حەیات، لە نوێ ژیانەوە
ژیانەوە لە پاش گەشتی دەشتی ژین
گەڕانەوە بۆ ئایینی ئەوین
ئەوین ئاوێستای زەردەشتی دلّم
ئەوین ئاسمانی بەهاری گلّم

# ساڵەکان دەمانووسنەوە

ساڵەکان دەمانووسنەوە
ڕۆژەکان دەمانخوێننەوە
سەیرە هەر جارە دەقێکی جیاوازین
کرچ و کاڵ، هەرزە، بەناز، ئاوازین
سڕاوینەوە بە لاستیک، تیپێکس
بڕاوینەوە بە تیپی ئێکس
دێڕ لەسەر دێڕ ڕەشکراوە
ئەو پیتەی ماوە شێوێندراوە
دووبارە، سێ بارە، ناشیانە نووسراوە
ئەوەی ڕەسەنە هەر شوێنی ماوە
ئەوەی پەسنە، قافیەی شکاوە

سەیرە دڵەکەم، ساڵەکان دەمانووسنەوە
بێ پرس، بێ مۆڵەت
ڕۆژەکان دەمانخوێننەوە

وەك دێڕی سەقەت

نە خۆم دەناسمەوە

نە پێشی دەساڵ تۆ

نە مانگی ڕوو، نەئەستێرەی نیگا

نە ئاهەنگی دڵ، نە دەفەی ڕێگا

دەڕوانمە وێنەم، دەڕوانمە وێنەت

گۆڕە، گۆڕانە، یان گۆرانی غوربەت

تەنیا لە دوورەوە دێ سەدایە

بانگی بۆ دەکەم، نامناسێ نایە

چ قەدەرێکە غەریب بوون لە تۆ؟

چ سەفەرێکە بە جێهێشتنی خۆ

ساڵەکان دەماننووسنەوە

ڕۆژەکان دەمانخوێننەوە وەك دەقێ شکاو

دڵدارنامەیەکی فرامۆشکراو

وەك فایلی کۆن لەسەر شێڵف دانراو

چ قەدەرێکە غەریب بوون لە تۆ

چ سەفەرێکە بە جێهێشتنی خۆ!

# کۆڵانە ڕێ

دەزانم ئەم ڕێیە پڕ مەترسییە
ئەم کۆڵانە تێپەڕبوون پێیدا زراوی دەوێ
ڕەنگە لەم سەر یان لەو سەر ڕێگرەکان خۆیان مەڵاس دابن
دەمانچە لەسەر پەلە پیتکە
دەست لەسەر دەسکی خەنجەر
چەقۆ لە چنگا
یان هەر بە چنگ و کەڵبەی ڕووت
تێپەڕ بوون بێرەدا
ئەژنۆی پتەوی دەوێ
ڕەنگە ئێستا گەلە کۆمەکێ بکەن
ڕەنگە وەکو ڕەوە گورگ دەرپەڕن
وەکو ڕەوە داڵ دابەزن
ئەم کۆڵانە تونێل ئاسایە
دەشێ چەند هەنگاوێك بێ
بەڵام دەشێ سەفەری هات و نەهات بێ
تێپەڕ بوون بێرەدا دڵێکی پۆڵایینی دەوێ
نە بە خێرایی لێبداو ببێتە تەپڵ
نە لە لێدان بکەوێ و ببێتە تۆپەڵ

# قسەو پەیمان

تۆ وتت دێمەوە
لەگەڵ هەورا
لەگەڵ نمەی بارانا
لەگەڵ تیرۆژی هەتاوا
لەگەڵ شنەی ئێوارانا
تۆ وتت دێمەوە
منیش چاوم کردە
چاوگەی چاوەڕوانی
منیش دڵم کردە
نامەی پەیمانی یەزدانی
بۆ هەموو هەورێ دەروانم
گشت نمەیەك دەخۆمەوە
لەشم دەدەمە بەر هەتاو
بە شنە خۆم دەشۆمەوە
ئاخر تۆ وتت دێمەوە
هەر دێمەوە، هەر دێمەوە

# خەمناکییەکی ئەنفالیی

دڵم! ئەمەندە خەمناکم ناتوانم پێت بڵێم چۆنی
تۆش پێم دەڵێی: های ئەمڕۆکەش
وەکو دوێنێ گرژ و مۆنی
لێم زویریت و نامدوێنی
دەمڗاکێنی و دەمڕەنجێنی
دەمترسێنی و دەمگرێنی
دڵم ئەمەندە خەمناکم ناتوانم پێت بڵێم : هەلۆ
هەرچەند دەکەم زمانی هەستم خامۆشەو بۆم نایەتە گۆ
گەرووم پڕە لە ژیلەمۆ
لەناو دڵما وێران بووە
نیشتمانم، خۆرم، ئاسۆ

**تۆش پێم دەڵێی های ئەمڕۆکەش**
**بەمنت بەخشی دیاری درۆ**

**دڵەکەم نزیکی وەك دڵم بەڵام ئەوەندەش دوورە ڕێم**
**دیدارەکەت غەریبە لێم**
**هەتا دڵم نامۆیە پێم**
**گیانم بێ ئاگایە لە کوێم**
**خۆشم نازانم ئەمن کێم**
**تۆش پێم دەڵێی کوانێ دڵت؟**
**بۆچی هەمووی نابەخشی پێم؟**

# سەرکۆتا

هێشتا دەستمان پێنەکردوە

هێشتا هێشتا نەمان وتووە

سڵاو ، سڵاو ئەی بەختی چاك

ئەی دڵداریی

دیداری پاك

توخوا دەمەڵێ: ماڵ ئاوا

مەڵێ: ئۆغر

ئەی من چ بکەم، چ بڵێم ئاخر

چون بتوانم ئۆقرە بگرم

لە ناو ژیلەمۆی بێ ئاگر

XXX

**هێشتا دەستمان پێنەکردووە**

**هێشتا دڵم دڵتی لە ئامێز نەگرتوە**

**توخوا مەڵێ: خواحافیز**

**بەجێت دێڵم**

**بۆ بەختی وێڵ**

**بۆ گەڵاڕێزانی پایز**

XXX

**ئەی من کێ بگرم بە ئازیز؟**

**ئەی من کێ بکەم بە هاودەمی**

**دڵێکی تێك شکاوو زیز؟**

# کۆنە سەعات

کۆنە سەعات بە دیوارەوە دەگری و دەناڵێنێ
بۆوکاتانەی دەیان هێنێ و بێ پەروا دەیان رژێنێ
هەر ساتێ کە لێی دەڕوا، ئیدی بۆی ناگەڕێتەوە
بێ چارەشە و چیرۆکێکە هەر دەبێ بیگێڕێتەوە
هۆ کۆنە سەعات هۆ کۆنە سەعات

هۆ کۆنە سەعاتی سەر دیوار
ئەرێ منیش دەکەی بە کات
لەناو سنگت دەمکەی حەشار؟
هەی کات هەڵڵوش
هەی بایە قووش
بۆ کوێ دەچن ئەمساڵ و پار؟
چیان بەسەر دێ
هەموو ساتە وردەکانی
هاوین زستان
پاییز ، بەهار؟

# گۆرانی هەڵپەڕكێ

**بەهارە، وەرن با، سەما كەین، با سەما**

**نەورۆزە، شا ڕۆژە، خەم نەما، تەم نەما**

**كوڕینە، كچینە، دەست بگرن، یەك و دوو**

**بە تاك تاك، بە كۆمەڵ، هەڵپەڕین، با هەموو**

**با بە ریز، دروست كەین، جوغزی وەك، ئەڵقەی گوڵ**

**بۆ هوزار، بۆ بەهار، هەلڕێژین، سۆزی دڵ**

**بۆ شادیی، ئازادیی، ئاوازی نۆ بچرین**

**بۆ ئەوین، ئاشتی ژین، وەك یەك لەش، یەكبگرین**

**بەهارە، وەرن با، سەما كەین، با سەما**

**نەورۆزە، شا ڕۆژە، تەم نەما، خەم نەما**

# پەڵە

کۆتایی هاوینە، سەرەتای پاییزە
گەڵای زەرد کەوتون ریزە بە ریزە
نم نم، خۆش خۆش، خورِ خورِ، باران دەبارێ
بە ناو لقی دارەکاندا دێتە خوارێ
دەڵێن بەزمە، دەڵێن جەنگە، یان ئاهەنگە
هەموو لایە، پڕ لە تەقە و رەقە و دەنگە
پەڵەیە و سەرەتای وەرزی بارانە
زەوی تینوو شا گەشکەیە لە خۆشیانا
چەند خۆشە بۆنی خۆڵی ئەم ناوە
هەر گۆلاوێکی دەڵێی گولاّوە!!
ئەوا خۆشی کردەوەو خۆر هەڵهات
چەند خۆشە باران، چەند جوانە وڵات!

# سۆراغی منداڵییەکەم

لە کوێ لێم ون بوو
لە کوێ بەجێما... منداڵییم
دوای ئەوەی دواجار
لە باوەشی دایکما بینیم
بە چاوی تەڕی گۆنای دەشت
بە شانەی لەرزۆك سەری دادێنا
کە هاتەوە لە گەشتی سیل
بە هەواڵێکی تەزیوی لە نوشتەی قەدەرەوە پێچراو
دەڵێن باوکم ووتی:
با ئەم منداڵییە دووربێ لە تەماشای
چەنگ و نینۆکی ئیزراییل
منداڵییەکەم درایە دەست با بیبا
بۆ ئەودیو چیا

دوور لە دوا هەناسەی دایە، بۆ دنیای تەنیا،
دوور لە دوا نزای دەروونی
دوور لە خوڕەی چاوی روونی
لەو ساتەوە من دەگەڕێم
من دەپرسم
سۆراغ دەکەم لە خواو ئاسمان-
لە گوزەری منالّییەکەم
ئاسەوارێ بە دی ناکەم

من دەترسم
ئاخۆ لە کوێ بێناز کەوتبێ منالّییەکەم
ئایا دواجار دایکم گەرم
لەژێر پێلّوویدا دایپۆشی
یا توند لە مستیا نووساو
بە سنگی خۆیەوە بردی
یان وێنەی چوار سالّەیەك بوو
هەموو دەمێ لە باخەلّما
رەشەبا لە دەستمی تەکاند
یان لە کاتی پەڕینەوە

لە ڕووبارێکی بێ بواردا

شەپۆل لە باخەڵمی فڕاند

ئەی چی لێهات منداڵییەکەم

بەسەر قاڵدرمەی ساڵانا

چۆن سەرکەوت

لە ناو گرۆی منداڵانا

چۆن هەڵکەوت

کام ئامێز گرتییە خۆی

کام دەم لایلایەی خەوی وت بۆی

کام گوڵ پێشکەشی کرد ڕەنگ و بۆی

کام دەم شیری نایە دەمی

کام دەم ماچی کردە ژەمی؟!

سۆراغ، سۆراغ

دڵم پڕە لە ئاڵاخ

ڕۆحم پڕە لە داخ

لە دەشت - لە دێ - لە دۆڵ - لە شاخ

لە کام لێژ، کام هەورازە بوو

منداڵیم پەرەوازە بوو

بەستەکەی بێ ئاوازە بوو؟

لە سەری قەڵاتێ، لە بەندەنی چەکواوێ
لە خنکاوە شاری میرزا ڕۆستەمی
لە سەری چیایە
لە گربداخ و داودێ
لە شاری قەڵادزێ
لە دۆڵی مەرگێ
بانگی دەکەم
نەپێی دیارە، نە دەنگی دێ
بۆ کوێ ڕۆیشت
چی بەسەر هات... مناڵییەکەم

ئایا لەگەڵ یەکەم بۆمبی داگیرکەرا
وەك کاکە ناسری برام
تەفرو تونابوو وەك عەدەم
خۆڵەکەشی لە گەڵ خۆی برد
گەردەلوولی مەرگ و ستەم؟
یان لەگەڵ کۆچ و کۆچڕەوا
لەبەر پەلەو مەترسی جەنگ
لە بیریان چوو دەستی بگرن

بەجێما بۆ مەرگی بێ دەنگ
یان غوربەت و تەنیایی بوو
بردیە ناو سندوقێکی زل
پڕ پڕ لە کتێبی توندو شل
لەوێ لەناو کتێبکی بەرگ ئەستووری ئەفسانەیی
بوو بەسێبەری تارمایی
بۆ قارەمانێکی کۆتایی؟
یان ورد ورد هەڵوەری بوو بەتووك
لەشی ڕووتی دیوانێکی
کردە پەڕتووك

منداڵییەکەم چی بەسەر هات
هێشتا هەواڵی نازانم
هێشتاکە بێ سەرەتایە...
یادگاری عومرم... داستانم!

# هەڵمسێنە

هەڵمسێنە، هەڵمسێنە
دڵدارەکەم هەڵمسێنە
بەیان هاتووە پەنجەی تیشکی
دەدا لە پەنجەرەی ژوورم
هێژ چۆکی قورسی داداوە
لە سەر سنگ، شەوی دەیجوورم
درێژەی کێشا ئەم خەونە
بوو بە تەونی تەمای تۆراو
بەراوەژو بوو ئەم کەونە
وەك بتێ، بۆ رۆحی تاساو
هەڵم سێنە، هەڵم سێنە
دڵدارەکەم هەڵم سێنە
هەڵم سێنە شەوی غەفڵەت
پەست وپەرێشانی کردم
مۆتەکەی سەد بیری شەکەت
بێ خۆر و ئاسمانی کردم

## دێمەوە

دێمەوە ڕۆحەکم دێمەوە
دێمەوە بۆ ئەم ئاسمانە
ئاسمان وەکو جاران پاکە
دێمەوە ڕۆحەکەم دێمەوە
دێمەوە بۆ ئەم بارانە
باران هێشتا شەیدای خاکە
دێمەوە ڕۆحەکەم دێمەوە
دێمەوە ئەم کوردستانە
کوردستان عەشقی ون ناکا
چ تەمەنێکی تەزیو بوو لە ناو تاسانی غوربەتدا
چ کۆرپەیەکی هەتیوو بوو، دڵ لە سۆراخ و عەیبەتدا

# بەردی رەق

دڵم بۆتە بەردی رەق بەردی رەق بەردی رەق
دڵکەم بباریٚ، بباریٚ، بباریٚ
بیخوسێنە بەفرمێسکی گەرم
زیندووی کەوە، نەرم نەرم
ئاخ چ چەرخێکی بەردین بوو
چ بڵێسەیەکی بێ تین بوو
بباریٚ بباریٚ بباریٚ
ئەم گرِە سرِە رِامالّە
ئەم توێژە تاوێرە دامالّە
بژێنەوە خۆزگەی حەزی دێرینم
زەردەشت بکەوە بە پەیام و ئایینم

## ڕووت

نە سەعاتم لە دەستە

نە ئەڵقە لە پەنجەم دایە

نە هەویە لە باخەڵمایە

نە تاتوو لە سەر پێستمە

نە جانتام بەدەستەوەیە

ئەم جلەش کە لەبەر مایە

بۆ شاردنەوەی رووتییم نییە

رووتم وەکو راستیی

راستم وەکو ئازادیی

# خشکە

ئەم وشانە دەخشێن وەك مار، لەسەر سك
نافیشکێنن
دەخشێن لەسەر سك
لەسەر سك
بێ كۆتایی
باڵی نییە بفڕێت
پێی نییە بپێوێت
سك خۆی رادێنێ بە خشان
لەش خۆی رادێنێ بە جوولاّن
سەر خۆی رادێنێ بە بەرزبوونەوە
ڕۆح خۆی رادێنێ بە نەترسان
ئەم وشانە دەخشێن وەك مار لەسەر سك،
بێ فیشکە
بێ فیشەكدان

# خەلاتە ڕێ

نە خەلاتی شاژنم دەوێ، نە هی نوبل ، نە هاوولاتی دنیا
دنیایەکم هەیە، تێیدا شام و شادم و تاقە هاوولاتی
تەنیام وەك رژانی مەرەکەبی سەر کاغەزەکەم
لە رژانما،
لە هەژانما،
لە ژانما،
شوێنڕەنگێ جێدێڵم
هەڤاڵ گەر ڕێت کەوتە ئەم لاڕێیە
گەر گومڕایی هەڵیگرتی بۆ ئەم کوێرە دێیە
لادە سەر ئەم کانییە بێ پێیە
لێرە چەپکێ تینوێتی منی لێیە
گەر لە سۆزان ناترسی، چەشمێکی بدەیێ،
چەنگێکی لێ بخۆوە
چەشەیەکی چیچی چامەم١ بکە،
ئەوجا بۆ چاوەزار چەوێ جێبێڵە
پێشوەخت پێزانین و سوپاس!

١– چام: بەڵاو ڕێکەوتی ناخۆش، بەرزای و نزمایی
چام: هۆنراوە

# تەنیایی ڕەها

تەنیام لەناو ملیۆنانا

تەنیام لە حزوری یەزدانا

تەنیام لە خەمی خەندەدا

تەنیام لە خەندەی گریانا

تەنیام لە جەنجاڵی جاددە

تەنیام لە بزاڤی بیابانا

تەنیام لە هەنسکی مردنا

تەنیام لە ژان و ژۆی ژیانا

تەنیام لە شەوی بێ سووسەدا

تەنیام لە ڕۆژی چڕەچەمانا۱

تەنیام لە سۆمای ئەوینا

**تەنیام لە سۆڵەی تۆرانا**

**تەنیام لەوەرزی چەمبەرا**

**تەنیام لە چەمارِای سەیرانا**

**تەنیام لە تەنیایی خۆما**

**تەنیام لە تەلیسمی گیانا**

**تەنیام لە باوەشی تۆدا**

**تەنیام لە حزوری یەزدانا**

چرِە چەمانا: دوکەڵی خەست، گێژەڵوکەو کرِێوە

سۆما: ئاسۆ ، رِووناکی چاو

سەرماو سۆڵە: بەستەڵەک، سەهۆڵ بەند

چەمبەرا: چەمەر شین و شەپۆر

چەمارِای: چاوەرِوانی

# چارواداری چارەنووس

**چاقا١چارانەی٢جەنگم دانا**

**چادری حەزم رۆنا**

**چارم ناچار بوو - دەستی چارەنووسم گرت،**

**نا: چاروەداری چارەنووس، سواری هێسترێکی چەموو- و**

**چەمووشی٣ کردم**

**چەل و مل چەلەی٤ کردە ئەستۆم**

**چەلیبای٥ خستە جەستەم**

**جەنگێ جەرگی کون نەکردم**

**ئەوین کردی**

**لەشکر نەمی شکاند**

**لەش کردی**

١: لەو ساتەوە

٢: جۆرەبەرگێکە لە جەنگا دەپۆشرا

٣: لاسار

٤: گوریس، پەتی ئەستور

٥: سەڵیب، خاچ

# قاهوەی سیاسی

**ئێرە قاهیرەیە**

**پێتەختی عرووبەی ڕەگەزاوی**

**ئای بۆ قەهری کەرکوکییەك**

**لێرەدا قاهوەی سیاسیی دەخورێتەوە**

**بەو زمانە دەدوێ کە خیانەت پێی گۆشکرد**

**بەسەر دووسەد هەزار گۆڕدا باز دەدا**

**بۆ ئەوەی بێ لەبەردەمیان رووت ببێتەوە**

**گوڵە پاییزەکان دەوەرن**

**کچەکانی ئەنفال بێلی دانس دەکەن**

**بەیانی دەڕوا بۆ قامیشلی تا کراسی زەردی لەبەرکا و**

**لە گەڵ خۆیدا بیبا بۆ دیمەشق**

# له سیویەکا

له سیویەکا شاخێك هەڵوەری

شارێك رەیپ بوو

شانێك نەلەرزی

رۆژێ عەجەم، رۆژێ عارەب، ڕۆژێ قزڵباشی

مێژوو به دۆلار دەنووسرێ

خەبات به خیانەت

سەرکەوتن به مارەبەجاشیی

# نەتەوەیەکگرتۆکان

نەتەوەیەکگرتۆکان

کۆفان ئەنان

کوڕی کۆفان

شیراك و شەریکەکان

سەدام و نەوت و کۆبۆن

شەڕو گاڵەی گەلەوای لەناو پەرلەمان و دەرەوەدا

مارشی نیوملیۆنی چەپ و ئیسلامی دژی جەنگ

بنلادن و بنلادان

زۆراندنی۱ بەکۆمەڵی ژنانی دارفور

ویرانە خاك

بازاڕی نەوت

ئۆکرانیاو دیمۆکراسی

نەوت و گاز

کوردستان

خنکاندنی نەوت

خۆخنکاندنی نەوت!

زۆرندن: ڕەیپ

# کرانەوە

دەرگاکان بکەنەوە
جێگاکان بکەنەوە
ڕێگاکان بکەنەوە
جۆگاکان بکەنەوە
کۆگاکان بکەنەوە
سەیرانگاکان بکەنەوە
بارەگاکان بکەنەوە
بارگەکان بکەنەوە
بازگەکان بکەنەوە
ئێزگەکان بکەنەوە
گاگاکان بکەنەوە
کاگاکان بکەنەوە
کانگاکان بکەنەوە

# تەکیلە

حەزم لەناوەکەتە تەکیلە
وەلی ئاوەکەتم نەنۆشی بوو تا ئەو شەوە،
ئەم شەوە بیرم کەوتیتەوە تەکیلە
یەك قوومییە تەکیلە: بەلیمۆوە
قوم لە دوای قومییە تەکیلە
بە نیگای گەرم و خەندەی فێنکی ئەو کچە ئینگلیزەوە
بەڵام ئەمشۆ لە خەمێکی تردام
ئەوە دڵی زیزم کەوتە تەکڵە
ئەوە سەری گەرمم کەوتە تاڵوکە
ئاخر ئەمشەو بەنیاز تاکم کردوویەوە تەکیلە

بۆ شەوێکی تووڵانی
بە لیمۆوە، بە لێوەوە
قوم لە دوای قوم تا دەقەومێ
قیامەت
ئەمشەو تەکیەمی تەکیلە
گەرمە سەرم بە زیکری زۆر
ئامادەم بۆ مەیدانی ڕۆژ هەڵاتییان
لە ژمارە دە چاوەڕێیە چین و یابان

# وەرزی دۆلار

خەڵك دۆلاریان هەیە ئێستا
هەموو بەرگێکی تازەیان پۆشیوە
بەرگی کەڕیی
بەناو حەشامەتەکەدا کەرێکی لەڕ دەگەڕێ و دەزەڕێ
بیرەوری رۆژانی برسێتی و
ئیبراهیم خەلیل دەگێڕێتەوە...
خەڵك دۆرلاریان هەیە ئێستا
هەموو رەنگێکی تازەیان پۆشیوە
رەنگی کوێریی
رەوە داڵ بە ئاسمانەوەیە
ئێسقان دەبارێ
کەی هەموو گۆڕەکانی ئەنفال هەڵدەدەنەوە؟

# خەمەکانم خۆشەویستمن

من خەمەکانی خۆم خۆشدەوێن
کردەو پەروەردەی خۆمن
خۆم ناوم ناون، خۆم ڕەگ و دەنگ و خوێنم پێداون
وەکو پرسیار سەمادەکەن لە بەردەم نووکی پێنووسم
وەك سەرسامی سەودا دەکەن
لە گەڵ رۆحی ئۆقیانووسم
وەکو مەرگ دەپێچنەوە
پارو پارووی چارەنووسم
خۆشم دەوێن خەمەکانم
باشترین دۆستی تەنگانەن
تاقیکراوەی سەختترین ئەزموونی زامی زەمانەن

# ڕاستی ئاوێنە

واچاکە سەیری ئاوێنە نەکەی
هەرچۆنێ بێ یەك ڕووت دەبینێ
پشت هەمیشە پشتت تێدەکات
ئاوێنە ڕاست ناکات
دوای سالێ وەرەوە: کەسێکی دیت نیشان دەدات
دەڵێ خۆتیت!
بەڵام نەکەی توڕەبی و بیشکێنی ئەگینا غەزەبت لێ دەگرێ و دەتکا بە سەد پارچەوە
لە هەر پارچەیەکدا چاوێك پێت پێدەکەنێ!

# عەجیاتی

نە گاندین، نە گاریبالّدین، نە گیڤاران

نە ماندێلان، نە عەرەفاتن

نازانم بلّێم چین، کێن

لە کام هێلکەی پیس هەلّهاتن؟

# یەکەم هۆنراوە

خۆر هەڵدێت بەیانی
خۆشی خۆشی خۆشی لە خۆم
باهەڵدەکا بە نیانی
خۆشی خۆشی خۆشی لە خۆم
مۆسیقایەو گۆرانی
خۆشی خۆشی خۆشی لە خۆم
من هەر تۆم دەزگیرانی
خۆشی خۆشی خۆشی لە خۆم

# مەلەی بەیانیان

مەلە دەکا دەنگێ لە سەحەرا، دەنگی مەلە،
لە سیحرا، سپییە وەك بەیان پڕشکۆیە، وەك پڕشنگ
پڕیشکی دەگاتە سەر ڕۆحم
دەپرووێم

دایکم چالێدەنێ
خوشکە بچووکەکەم گڕووی گرتووە
براگەورەکەم پرخەی خەوی دێ
میوانەکان لە سەربان خەوتوون و هەڵنەستاون
دایکم دەڵێ: بەخە کوڕم، کوڕم بەخە
هەستە بڕۆ نانی گەرم بکڕە
گوێم لێنییە. مەلە دەکەم، دووبارەی دەکاتەوە:
ئەوە هەڵنەستای بەخە. میوانمان هەن
بڕۆ نانی گەرم بکڕە

تۆزێك گوێم لێیه!

بەخە هەستە بڕۆ نانەکە بکڕە کوڕم

ئاوئۆیەك دەکەم.. خەریکە گوێم لێتە دایە!

وەك هەموو بەیانییەکی بەهار

هەستان، خۆگۆڕین، لە ژوور دەپەڕین،

سەرەگرتن بۆ نان کڕین

نانی گەرم و نەرم

بە ڕێگاوە نانێك هەڵدەلووشم

ئەوەتا میوانەکان هەستاون

هێلکەو ڕۆن کراوە

ماست و هەنگوین و قەیماخ دانراوە

هەموو چاوەڕێی نانی گەرمن. من! بەخە!

منیش حەزدەکەم تێی ڕاهەڵدەمە چریکەی گۆرانی

شتێ لەناو مێشکمدا مەلە دەکا: بەیانی.

# ئەسپ و گۆڕ

(بۆ سوبە)

لە دەوری ئەو گۆڕە
هەموو مانگە شەوان
ئەسپێکی سپی دەگەڕێ
ئەسپێکی سپی
لە دەوری گۆڕێکی سپی
حیلەی دەگاتە سەر مانگ
من ئەو کچەم دەناسی
سپێدەی بەیان بوو!

# تراژیدیا

چیرۆکەکە دەقاودەق دووپات دەبێتەوە
تراژیدیای رەگ، ژان، پەشیمانی
دەقاودەق دووبارە دەبێتەوە
کەچی من چارم ناچارە
جارێکی دیش دەبێ
ببمەوە بە پاڵەوانی!

# ئەم شەقامە

من حەزناکەم بەسەر ئەم شەقامەدا بڕۆم
بەر لەوەی پێی بخەمە سەر
خێرا بازدەداتە سەر دڵم
بە قۆڵت و چینە قیرییەکانیەوە
بە شۆستە ترازاوو تەنگەکانیەوە
بە شوێن پێی هەزاران هەنگاوی ونەوە
خێرا باز دەداتە سەر دڵم و دەکەوێتە پیاسەی خۆی
منیش دەچەقم
منیش دەتەقم
ئەگەر دنیاش جادەی تێدا نەمێنێ
پێنانێمە سەر ئەم جادەیە

## کەوت / نەکان

ئەتۆ هاتی - نەخشەی خۆت بوو بەدوای کەوتی
تۆ بووی بە دوای دڵم کەوتی، هەتاکو بەر دڵم کەوتی
بێباك وتت: ها تێکەوتی
تیرم هاویشت و بەر کەوتی
من نەمزانی تۆ ڕێکەوتی یان هەڵکەوتی
ژانی لێنیشت دڵ، کە وتی: بەسەر مندا تۆ سەرکەوتی
نا کچەکە لە ئاوێنەی روخسارمدا تۆ دەرکەوتی
من خۆشرۆ بووم، تۆ دواکەوتی
بەرز بەرز هەڵم گرتی، ئەوسا کەوتی!

# بە بەختی چابی

بە بەختی چابی کچەکە بە بەختی چابی
دەزانم من بۆ تۆ نابم، تۆش بۆ من نابی
من دەبێ هەر وابم، تۆش دەبێ هەر وابی
بە بەختی چابی کچەکە بە بەختی چابی
دەزانم دڵم لە لاتەو دەیشێلی
دەزانم ناتەوێ لات بمێنێ بە دیلی
دەزانم ئەم هۆبە هۆگرە جێدێڵی
بە بەختی چابی کچەکە بە بەختی چابی
دەزانم من بۆ تۆ نابم، تۆش بۆ من نابی!

# تەن-نیا

تەنیا نیم – تەننیام
تۆم لە تەنیشتی
شەو ئاوام شەو ئاوارە نیم
سەرت لەسەر سینەمە
لە مۆتەکە ناترسێم
پەراوێزی راستە خەونێکە کە تۆی
دڵت لە ئامێزی دڵمدایە!

# مەرگی ئەوین

سەری تێداچو خۆشەویستیەکی تری پاك
دنیا چ باك
خودا چ باك
وەك خۆی دەخولێتەوە ئەفلاك
لە خوێنی خۆی ناخلەفێ زۆحاك
بە دڵی دەدەرداری من کەوتووە تیری تاك
بە روخساری رەنجاوی من بڕاوە بەرگی خەمناك
هاوار، فریا، پەنا، داڵدە، داد
ئەی دیداری چاك
رۆحم بوو بە راك[1]
لەشم بوو بە لاك
بمژێنەوە بە هەوەڵ ژاك[2]
ساغمکەوە وەك ساك[3]
بمخەوە راکەڕاك[4]

١- تاوێری بن بۆش
٢- یەکەم شیردان
٣- بێچووەگامێش
٤- راکردن بۆ ملا و بۆو لا

# بیرێکی دیکە ★

من بیرێکی دیکەم هەیە
من خەمێکی دیکەم هەیە
دەبێ وانەیەکی نوێ فێر بم
نۆرەی منە
لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەمەوە
رقی دەروونم هەڵڕێژم
قەفەزەکەم بشکێنم و ئازاد بم
من بیرێکی دیکەم هەیە
من خەمێکی دیکەم هەیە
وانەیەکی نوێم هەیە فێری بم

**خەونێکی تازەم هەیە سازی کەم**

**نەخشەیەکی نوێم هەیە بۆ تۆ**

**کاتێ سبەی دێ**

**بەرەبەیانێکی راستەقینە دێنێ**

**پەلکە زێڕینەش کەمەربەندی ئاسمان دەکات**

**ئەوساکە دەزانی بۆچی من بیرێکی دیکەم هەیە**

**لاپەڕەیەکی نوێم هەیە**

**هەڵی بدەمەوە**

* ئەم (شیعرەم) بەئینگلیزی نووسیوە و ئەمە وەرگێرانی دەقە ئینگلیزییەکەیە.

## هەڵاتن بۆ خود

له خۆیەوه بۆ خۆی هەڵدێت
خۆی له ناو خۆیدا دەشارێتەوه
خۆی گرمۆڵه دەکا
خۆی تۆپەڵه دەکا
دەبێ به خاڵخاڵۆکه
دەبێ بەسفر، به خاڵ
دەبێ به دەنکه تۆو، دەڕوێتەوه
دەژێتەوه
دەگەشێتەوه

پەڕدەکات

بۆن دەکات

باڵ دەکات

لە نوێ دەفڕێتەوە

به ئاسمانەکانی مێژوودا

به ئاسمانەکانی جوگرافیادا

به ئاسمانەکانی فەزادا

ئەستێره ئەستێره نییه

ئاسمان ئاسمان نییه

فڕینێکی بێ هووده به ناو گومبەزی بێ گیاندا

گەشتی بێ هووده به ناو گۆبەندی بێبەندا

ماندوو دەبێ

باڵەکانی شەکەت دەبن

دەکەوێ

بەردەکەی سیزیف

شەرگارەکانی ئەیوب
زامەکانی مەسیح
سەری حوسێن
هیچ ڕەمزێ، نیشانەیە
مانا بە ئێستا نابەخشێ
لە خۆی هەڵدێ بۆ ناو خۆی
خۆی دەشارێتەوە
خۆی گرمۆڵە دەکا
دەبێ بە خاڵخاڵۆکە
دەبێ بە سفر، دەبێ بە خاڵ
دەبێ بە دەنکە تۆو
دەڕوێتەوە
دەژێتەوە
دەگەشێتەوە
گەشتە سیزیفێکەی دەستپێدەکاتەوە

# پڕاكتیس

**تیۆریی خۆی ناناسێ بێ ئەزموون**
**پڕوپاگەندە**
**پڕاكتیس**
**من لە ناو بیرەوەری تیۆریدا دەژیم**
**بیری وەریو**
**١٩٨٩ لاشەی كۆمۆنیزم لەسەر هەموو**
**شەقام و كۆڵانی دنیادا كەوتبوو**
**كە چی كەسم نەدی كفنێكی شیاوی بۆ بكا**
**شانم نەدی هەڵیگرێ**
**خەڵكم نەدی ناشتنێكی باشی بۆ بكەن**
**لێگەڕان لە سەر جادەكاندا بۆن بكا**
**سۆشیالیزمی تۆتالیتاری لە پراكتیسدا..**

**تاكسیوانە پۆڵەندییەكە وتی: باوەڕم پێدەكەی سێ سەعاتی ڕەبەق لە سەهۆڵ بەندان و سەرمادا بۆ یەك پارچە كەرە وەستاوم. چۆن ئەوەم لەبیر دەچێتەوە!**

# کوشت / نەکان

کوشتن تەنیا لە ناوبردنی لەش نییە
نەبوونی دیمۆکراسی بە هێواشی دەکوژێ
هەموو دەمێ دەکوژێ
هەست بکەن یان نەکەن
کوشتنی هەست
کوشتنی وشە
کوشتنی بیر
کوشتنی خەیاڵ
کوشتنی هیوا
کوشتنی ئازادی
کوشتنی ڕاستی
کوشتنی یەکسانی

کوشتنی پێوەندی ساغ

کوشتنی دەرفەت

کوشتنی پێشکەوتن

کوشتنی ئاشتی

کوشتنی شارستانێتی

کوشتنی داد

کوشتنی خۆشەویستی

کوشتنی کۆمەڵ

کوشتنی پاشە ڕۆژ

کوشتنی مێژوو

کوشتنی ژیان

## نەخشە

وەرن نەخشەی نان بکێشین
گەورە هێندەی نیشتمان
ئەوسا دروشمێکی لەسەر بنووسین
بە ددان
یان بەگیان !

# کولتوری کار

کولتووری کرێ

کولتووری تاکس

ماڵ و ئۆفیس

ئوفیس و ماڵ

ئوفیسماڵ

ئۆف ماڵ

ئۆ ماڵ!

سێکس

مناڵ

مناڵ و نانی

مناڵی-نانی

منانی

من نی

me

m

e

## تاڤ تاڤ کەرە

دڵپەست دەبم کە دەڕوانم لە پرێکا دەورم چۆڵە
چییان لێهات؟ کچەکان، چوێلەکەکان؟
چۆن هەست دەکەی گەر لە سەرهەڵبڕینێکا
باخ ڕووتەن بێ- نە گوڵ، نە گیا؟
هەر خۆت نەفرەتی خەزان بی!

# خودارا

تەواو ئێستا دوورنشینی ناو خودی خۆم
هیچ ئەو ئەلقەڕێزانە ناکاتەوە
ڕەتاندیانم بۆ دنیا
دنیایش ڕەتاندمی بۆ ناو خۆم
پەنام بردە بەر خود
تاقە کیشوەرێ بێ مەرج
مافی پەنابەرێتی دامێ
یاسای جنێفی بۆ نەخستمە کار
UN نەبووە بەڵگەم
چیرۆکی سەیرو سەمەرەی سەفەرو سەوداو مەودای خۆم
بۆ کەس نەگێڕایەوە
حاڵنامەم نەنووسیەوە
بارێستەرم بە کرێ نەگرت

شایەتی ڕاست و درۆ و گوناهو گومانم بانگ نەکردن
لەبەر دەم دادگەری قەدەرم دەستەوستان نەوەستام
بەخشندە بوو خودم
بەزەییمەندە بوو خودم
بێ مەرج ئامێزی بۆ کردمەوە
ئازادی دەنگ و ڕەنگ و بزاڤی پێبەخشیم
لە هاوارو ناڵەم بێزاری دەرنەبڕی
بەبێدەنگیی و بێزمانیدم گەمەی نەکرد
منیش بەهەر دە پەنجەم مۆرم کرد
پەسەندم کرد- دوورنشینییەکەم

# تۆڕ و ...هات

خۆر بە سووتانی خۆی ناسووتێ
مانگ بەساردی خۆی ڕەق نابێتەوە
ئاو بە ڕژانی بەسەر خۆیدا تەڕ نابێ
ڕۆن بە توانەوەی خۆی ناتوێتەوە
ترس لە خۆی ناترسێ
ڕق ڕق بەخۆی نارێژێ
برسێتی خۆی ناخوا
لەم دوو ڕستەی خوارەوە یەکیان هەڵبژێرە:
خوا خوایەتی خۆیەتی
خوا خوایەتی خۆی بە خودی من دەکا!

# ژیلەمۆ

ژیلەمۆ، دەستەمۆی ژێر پێڵوو
نامۆی پیاڵەی چاو
ژان دەکا، ژان دەکا
پشکۆیەك لەناو ئەو بەردەدا دەسووتێ
وەك چاوی پشیلەی رەش
لە شەوی رەشا
تەماشا تەماشا ئاڵای شۆڕشە
سەری عەرەفاتی تێوە پێچراوە
بەڵێنی داوە دوای دەوڵەت
واز لە هەموو شتێ دێنێ و دەبێتە ماندێلا
فەلەستین
عەرەفات
ماندێلا
ژیلەمۆی نامۆی پیاڵەی چاو

# بت و بتەوان

پێم دەڵێ بمکە بە وشەیەك
بمکە بە هۆنراوەیەك
بمکە بە پەیکەرێ
بمکە بە بتێ
ئەوسا ڕادەمێنێ و دەترسێ
ڕادەمێنێ و دەپرسێ:
نا مەمکە بە وشە
نا مەمکە بە شیعر
نا مەمکە بە پەیکەر
نا مەمکە بە بت
نامەوێ ببمە بت
نامەوێ ببمە بتەوان
چما خەڵك بتی زیندوو
دەپەرستن
بتی مردوو
دەپەرستن
چما خەڵك لە سێبەری خۆیان
دەترسن
چما ناپرسن؟ چما ناپرسن؟

# قاهوەی سیاسی

کەی ڕزگارمان دەبێ لە قاهوەی سیاسی؟
چای کوردی دەخۆینەوە
برنجی کوردی لێ دەنێین
سروودی کوردی دەڵێینەوە
UN دەمان ناسێ
ئاڵای کوردستان هەڵ دەکەین
کەی رزگارمان دەبێ لە قاهوەی سیاسی؟

## مەمکە تەنیا

منالّی مەمکتم مەمکە تەنیا

بە دلّتە دلّم دلّنیا

بیرِەنجێنی دەرِمێ دنیا

دەپسێ تەرازووی هەناسەم

دەتاسێ دوا خورپەو تاسەم